# لە نێوان داهێنان و کورتبینیدا

# نیگاری ئەحلام مەنسوور بە وشە

سەنگەر زراری

ئەو دەنگەی ئێمە بیستمان، دەنگی ئێستا نەبوو، دەنگی ڕابردوویێکی تۆزێک دوورتر بوو، دەنگ نا، دەنگدانەوە بوو، ئەحلام خۆی مابوو، قسەی دەکرد، دەدوا و لەناومان دەژیا، بەڵام ئەوەی ئێمە لێیمان دەبیست، یان ڕاستتر لێیمان بیستبوو، دەنگدانەوەی سەتەی ڕابردوو بوو، دەنگی دوو دەیەی پێش ئێستا بوو، کە سەتەیەک لە یەکی جیادەکردنەوە، ئەویش سەتەکانی بیست و بیستویەک بوون، ڕەنگە پێش ئەویش ڕووداوێکی گەورەتر جیاوازییەکەی دروست کردبێ، کە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بوو.

ئەحلام مابوو، بەڵام زۆر هەبوون، کە نەیاندەزانی ماوە، یان مردووە؟! بۆیە نووسەرە گەنجەکان زۆرجار، کە تازە دەکەوتنە هەوای خوێندنەوە، نووسین و خولیای ئەدەبیات لەسەری دەدان، لە نێوان خۆیان دەکەوتنە قسە و دەیانپرسی: ئەرێ ئەحلام مەنسوور ماوە؟ ئەرێ ئەحلام کەی مردووە؟

ئەرێ ئەحلام کوردە یان عارەب؟!
ئەو دەنگەی ئێستا، ئێمە دەمانبیست، دەنگی ڕچەشکێنییەکانی ئەحلام مەنسوور (١٩٥١-٢٠١٣)ی حەفتا و هەشتاکان بوو، ئەو، ئەوکات وەک ژنێکی جیاواز دەرکەوت، وەک ژنێک، کە دەیویست خۆی لە هەموو شتێک ڕەها بکا. لە کۆمەڵگە، حکومەت و حزب، لە نووسین، ڕێکخراو و دامودەزگە مەدەنییەکان و...تاد. ئەمەش وایکرد، کە هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵنەکات.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم لەگەڵ کۆمەڵگەهەڵنەکردنەی ئەحلام مەنسوور، کورتبینی و نەخوێندنەوەی واقیعی ژیانی مرۆیی بووە، یان ڕچەشکێنیی؟

ڕچەشکێنەکان ئەوانەن، کە لە بوارێک یان چەند بوارێکدا داهێنان دەکەن، کارێک ئەنجام دەدەن لە توانای مرۆڤی ئاسایی بەدەرە، بوێرییەک دەنوێنن لەسەرووی بوێریی کۆمەڵگەکەیان، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵگەش هەڵدەکەن و دژی هەموو دۆخێکی کۆمەڵگەکەیان ناوەستنەوە. واتە هەرچەندە دژی دواکەوتوویی و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەکەیان بن، هێشتا دەرفەتێک بۆ ژیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە دەهێڵنەوە، یانیش ئەگەر ئەو دەرفەتە نەما، کۆمەڵگەکەیان جێدێڵن و چیتر بۆی ناگەڕێنەوە. ئایا ئەمانە لە ئەحلامدا هەبوون؟ ئایا ئەحلام توانی لەگەڵ کۆمەڵگەکەی بژی، یان جێیهێشت و نەگەڕایەوە؟

ئەحلام مەنسوور، بە دیوێکدا دژەباو بوو، ڕچەشکێن بوو، بەوەی پێچەوانەی هەموو ئەو شەپۆلانە مەلەی دەکرد، کە لە کۆمەڵگەی حەفتا و هەشتاکانی عێراق هەڵیان دەکرد، بەرگریی لە مافی ژنان دەکرد و ئازادییەکی ڕەهای دەویست و خۆشی بەکردەنیی پێڕەوی لەو ئازادییە ڕەهایە دەکرد، بەڵام ئەو تەنیا دژی ئەم باویەتییە نەبوو لە کۆمەڵگە، بەڵکو دژی زۆر شت بوو، کە ئەم دژایەتییە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیخستە دەرەوەی واقیع، ژیان و بۆی دەبووە جۆرێک لە گرێی دەروونیی و نەخۆشی دەروونیی.

بوێر بوو، لە بەعس و لە سەرۆکەکەشی نەدەترسا، کە ئەوکات لەوپەڕی دڕندەیی و دەسەڵاتی خۆیاندا بوون: "بە سەدامم گوت:

بەپێی خۆم هاتووم بۆ مردن، بشمکوژی نە دەبمە بەعسی، نە دەبمە وتارنووسی بەعس، فەرموو بمکوژە .. ئەویش سەرسامبوو بە ئازایەتی من و گوتی: چیت دەوێ بۆتی بکەم؟! منیش گوتم هیچم ناوێ تەنیا نامەوێ ببمە بەعسی.."(١)

بـەڵام بـە دیوەکەی دیـش نەدەکەوت، نـە ئەمی هەڵدەبـژارد و نە کارکردن لەگەڵ هیچ حیزبێکی کوردیی بە چەپ، ڕاسـت، نەتەوەیی و دینییانـەوە، "نـە بڕوایان بە شـانەی حیزبی دەکـرد، نە دەبوونە مەیموونی ڕژێم، تەنها گیرۆدەی پەناهەندەیی خۆیان بوون و هەمیشە سـەرگەردانی جۆرێک لە سەربەستی بوون کە پێشوەخت دەیانزانی چییان دەوێ.."(٢)

تەنیا دژی ئەو شتانە نەبوو، کە دەشێ مرۆڤی تریش هەبن بەم شێوەیە بن، بەڵکو دژی ئەو شتانەش بوو، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگە پیرۆزن، بۆ نموونە، دایک هەمیشە سیمبولی خۆشەویستییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام لای ئەو کەسـێکی تاوانبارە. "تاوانبارترین ژن، دایکە دڵڕەقەکەی منە.."(٣)

ئـەو ئازادیـی و خۆڕەهاکردنـەی ئەحـلام، لەڕووی نـاو و ناوبانگی کۆمەڵایەتییەوە زیانی زۆری پێگەیاند، خۆشی هەستی بەوە دەکرد، کە فشارێکی بێپایانی لەسەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە و پیاوە چاوچنۆکەکانی بیخەنە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی خۆیان، بۆیە دەیگوت: "من ئەحلام مەنسـوورم، دیوارێکی ئەسـتوور لە نێوانماندا هەیـە، ئەوە کوێرن، نامبینن؟ من هەمووتان دەبینم، خۆم نافرۆشم نا.."(٤)

بە تێڕوانین لە ژیان و گوزەرانی ئەحلام مەنسـوور، هەسـت دەکەم ئەو دڵێکی ئەورووپییانەی هەبووە و ویستێکی ڕۆژئاواییانەی بۆ ئەو ئازادیی و سەربەسـتییە هەبووە، کە ژنان لەوێ بێسانسـۆر هەیانە، بۆیـەش دەچێتـە پاریس و دوو سـاڵ لەوێ لە زانکۆی (سـۆربۆن) دەخوێنـێ، (کـە بە بڕوای من زیاتر بـۆ تاقیکردنەوەی ژیانی ئەوێ (ئەورووپـا) بـووە نـەک خوێندن)، کەچـی لـەولاوە بەپێچەوانەوە سـۆز و میهرەبانییەکی ڕۆژهەڵاتییانە بەسـەریدا زاڵە و دەزووێک نا، گوریسێکی ئەستوور بە نیشتمانی دەبەستێتەوە، بۆیەش دەگەڕێتەوە

و چیتــر ناتوانێ لە وڵات دوور بێت، لە چەندین نووســیندا بەردەوام خۆشەویســتیی خۆی بۆ نیشتمان دووپات کردووەتەوە: "وڵاتی خۆم خــۆش دەوێت، هەرگیز ئامادە نیم بەجێی بهێڵم، ئەورووپا و هەموو وڵاتانی گەردوون بێنە بەر دەرگەکەم، یەک سانتیمەتر هەنگاویان بۆ نانێم..". (٥)

کەواتە ناخی ئەحلام، پڕبوو لە هاودژیی، نەگونجان و ناتەبایی، ئەو خۆیشــی هەستی بەو هەموو هاودژییە کردبوو، کە لە ناخیدا هەن: "پاکیزەیی و تاوان لەناو منداڵدانمدا شەڕ دەکەن، ڕاوچی و نێچیر لە ناو ڕۆحمدا ململانێ دەکەن..". (٦)

بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا قــەت هەوڵی نەدا ئــەم هاودژییانــە لەناو خۆیــدا بکوژێــت و واز لــەو لووتبەرزییەی بێنێ و لە کەلی شــەیتان نەهاتەخوارەوە، وەک خۆی دەڵێ: "لووتم بەرزە، لە کەلی شــەیتان نایەمە خوارەوە، خاوەن قسە و هەڵوێستی خۆمم..". (٧)

بۆیــە بــە بۆچوونی مــن، ئەحلام مەنســوور چەندە لــەڕووی بواری ئەدەبیاتەوە نووسەرێکی دیار و داهێنەر بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەســێکی دژەباو و سەربەســت ژیا، بەقەدەر ئەوەش کەســێک بوو خوێندنەوەی دروستی بۆ واقیعی ژیانێکی مرۆییانەی ئاسایی نەبوو، بەڵکو زۆر یۆتۆپییانە دەیڕوانییە ژیان و بەلای ئەوەوە، ژیان ئەوەبوو، کە لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا هەیە، بۆیەش تا ئەوکاتەی گیانی سپارد، نەیتوانی لەگەڵ ژیانی ئاسایی بگونجێ و بەتەنیایی سەری نایەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- مەنسوور، ئەحلام: لە نامەی دڵدارییەوە فێری نووسین بووم (چاوپێکەوتن)، کۆوار، ژمارە (٣٤)، ساڵی (٢٠٠٨).
٢- مەنسوور، ئەحلام، گرەوی چاوەکانی ئەم (ئەزموون)، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠٠٨). ل٦.
٣- ئەحلام مەنسوور داخی دڵی خۆی بۆ شاووشکا دەکاتەوە (چاوپێکەوتن)- گۆڤاری شاووشکا، ژمارە (٣٤)، حوزەیرانی (٢٠٠٢).
٤- مەنسوور، ئەحلام، هاوار (ئەزموون)، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠٠٩). ل٨٦.
٥- کۆوار، ژمارە (٣٤).
٦- گۆڤاری شاووشکا، ژمارە (٤).
٧- ڕۆڤار، ژمارە (٩٠) ل ٧.